شیعر

# ئەو هەورانەی نەبوون بە ماچ

چنوور نامیق

٢٠١٢

ناوی کتێب: ئەو هەورانەی نەبوون بە ماچ

بابەت: شیعر

ناوی شاعیر: چنوور نامیق

تایپ: دلێر رەفیق

دەرهێنانی هونەری: ئەنجام سەعید

لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد– لقی کەرکووک ژمارە (١٨٨)

چاپخانە: کارۆ

چاپـــی یەکـــــەم: ٢٠١٢

تیراژ: (٥٠٠) دانە

# کۆمارە ڕماوەکەی نۆ و
# لە خاچدانی سەماکانم





**ئەمە سێبەری من نییە**

**نا قەت سەفەری من نییە...**

**تەنیا لەنجەولاری گوڵە تووڕەکان و**

**بای رەوتەنی و**

**هەڵەی پڕ لە شکۆی ئاو و**

**حەزی تینووی لێوەکانمە**

**وا شێتانە دەستم ئەگرێ!**

**(ئەم سەفەرە شێتم ئەکا) و**

**ڕۆحم دوورتر دەخاتەوە**

**لە خەونێکی سەد ساڵانە**

حوجرەیەكم پڕم لە پیتی ڕژاوی

سەدەی ژەنگن

پەنا دیوارێكی ڕماوم

هەموو پیاوەكانی دنیا

لە دادگاییكردنمدا پشكیان هەیە

دێن و سێبەری ڕژاوی سەماكانم

گسك ئەدەن



ئەو هەورانەی نەبوون بە ماچ ............................ چنوور نامیق

لێرەش ئەمانكەن بە كۆرس و

"قفا نبكي من ذكري حبيب ومنزل

بسقط اللوا بين الدخول

فحومل"**یمان

پێ دووبارە ئەكەنەوە

لێرەش زاهیدانە ئەگریم

بۆ سێبەری ئەو سەما لەخۆچووانە

هەڵئەكشێم و غەیب ئەبم

ئەم سەفەرە قەت هێورم ناكاتەوە

بەم دەریا پڕ خەیاڵانە

تینوێتیم ناڕەوێتەوە...

بە بڕیاری کۆمارێکی دروستکراو

بە فرمانی راسپۆتینەکانی وڵات

لە دوای خولەکێك راوەستان

ئەبێ بۆ سەدەیەك بنووم

لە پاڵ کۆمەڵێ دیواری ڕماو

لەناو تەرمی سەمای ڕژاو



ئەو هەورانەی نەبوون بە ماچ ............................. چنوور نامیق

راوەستاوم تاکو قفا نبکی بلێم

ئاخر هاوڕێ بە خولەکێك چۆن

قفا نبکی ئەوترێ؟

خۆ سەدەیەك بەشی رۆحە سوتاوەکان

ناکا

بەشی دوعا بەردبارانکراوەکان ناکا

بەشی شێتبوونی من ناکا!!

ئەی ئیتر چۆن ئەتانەوێ

بە خولەکێك

قفا نبکی ئەم وڵاتە پاك کەنەوە؟؟؟

ئەچمە ناو هەیوانی دووەمی ئەفلاتۆن

و بە خشوعەوە ئەوەستم

سووراوەکەم بە پشتی دەست

ئەسڕمەوە و

قومێ سوێری چاوەکانم

تینوێتیم بیر ئەخاتەوە

دووبارە شێتی ئەمگرێ





هەڤاڵەکەم

شێتبوون لە پای فەلسەفە بێ وەڵامەکان

لە پاڵ پیاوە بێ ئاگاکان

شەڕەزەنگی مۆبایلەکانە و هیچی تر،

وا دیسانەوە شێت ئەبم

ئاو ئەمبات و با زوو زوو ئەمهێنێتەوە

پیاوێك پڕ بە دڵ ئەمبوورێ و

بەیاسا ئەمکوژێتەوە

سەفەر ئاوم پێدا ئەکا و هاتنەوە ئەمسووتێنێ

ئێستا سەردەمێکی ترە

ئەفلاتۆن چوو، کۆمارەکەشی دارما
کەچی بە زەنگی مۆبایلێك
فەتوای مەرگی من ئەدرێ!!!
ئەمە سێبەری من نییە
نانا رۆینی من نییە
تەنیا لەنجەولاری گوڵ و
رەوتی بێ ئارامی منە
ئەم کۆمارە بەجێ دێڵێ!!

٢٦/٦/٢٠١٢

*قفا نبكي من ذكرى حبيب ومنزل" دێرێكی(امرؤ القيس)ە.





## خۆرێك لە پاڵ شەوی بەلدا

بەدیار کوانووی شەوی یەڵداوە دانیشتووم

مێژوویەك شەوگاری تەنیا ئەسوتێنم

هەناسەی ئۆغرێکی دوور لە دەروونما دێت و دەچێ

نەزەر ناکەم وتەماشات ئەخۆمەوە

وا لێوم شەکرە خەم ئەگرێ

ئێرەیی بە نۆتەکانی خەیاڵبوونم

ئەوەندەی ترنامۆت ئەکا...

بزانە من کچی خۆرم





وریا بە

نەبا تەماشات لە خەمی چاوما داگیرسێ

ناڵەم ئاوەدانی قەقنەس ئەسوتێنێ

ئاگەدار بە پەنجەت بەپرچم گڕ نەگرێ

بە ماچێکی زەوتکراوم

خەیاڵ نابی

ئێرەیی بە نووری چاوم

بینینت رۆشنتر ناکا

ئێستامن فرە ئازادم

وریابە ئاشنای ئازیزم

چرپەکانت وەك نزای مۆمێکی لەرزۆك  لەناخمدا لەبیر نەچێ!

ئێستا من دڵم ئازادە

خاڵییە لە خەونەکانت

وڵاتێکم ئاڵام ناوێ

ئاگردانی یەڵدایەکی بێ حیکایەتی پیاوانم....





ئێستا تاراوگەم لە مەنفا

ئێستا مەنفام لە تاراوگە

حەزەر ناکەم و رێ ئەبڕم

نەزەر ناکەم و تەماشات ئەمخواتەوە

ئێستا خاڵیتر دەبێژم

نا هیچ ئاڵایەکم ناوێ

رێ نادەمە هیچ ئیمپراتۆرێکی تینوو

بۆ ساتێ بمکاتە پەنا!

ئاشنای هەناسە و دیدەنیم

من ئێستاکە کچی خۆرم

وریابە

وریا بە

وریا

پەنجەت بەتاڵەکانی پرچمەوە دانەگیرسێ!!

٢٦-٥-٢٠١٢



ئەو هەورانەی نەبوون بە ماچ .......................... چنوور نامیق

## خاچ

(†)

لە هەرێمی تەڕ و تووشی
حوزنا
پیاسەکانم ئەچنییەوە
ناکاو
هاتی
چیتر ڕێ نابەمەوە
بۆماڵ

لێرە بەتۆمەتی
ئەوین
تاوان ڕووم
دائەگیرسێنێ
تا تۆ بەر پێی
خۆت ببینی
ئیتر تۆ مۆمت پێ ناوێ
ئێستا ژنێکی تواوەی
درۆیەکی
خەیاڵبوونتم
پێکەکانت گشت
بشکێنە و
وشەکانت
کۆبکەوە

لێرە ئەکەمە ئامێزت
لەناو خەونی ئەفلاتون و
وڕێنەکانی سوکرات و
بێ مانایی عەشقم بۆتۆ
روحم لە زەینی خاچێکدا
ئاوا ئەبێ

لەم چیرۆکە
کەڕ و لاڵەی بەشی باشوور
دەنگی حەلاج
تێکەڵ درۆکانمان ئەبێ
لێوەکانم ئەسڕمەوە
ماچەکانم پەشیمانییان
لێ ئەتکێ!!





ئێوارەیەك پیاڵە وەك چاوم پڕ ئەبێ

ئێوارەیەك

پەنجەرەکەم بەکراوەیی جێدێڵم

وەرزێکی تر ئەبەخشمە ئەو عاشقانەی کە دوای خۆم دێن

درەنگانێ دڵم بەکراوەیی بیرئەچێ

تارماییەك بە مەیلی خۆی کێشم ئەکا

بۆنی زەوی لەخەیاڵمەوە ئەپڕژێ.





زرەی شکانی پیاڵەکان هۆشم ئەبەن بۆ عەسرەچایەکی بۆنخۆش

لەناو تەمدا

ئا لەوێدا رۆحم بەتەنیا بیر ئەچێ و

تۆقە رەنگاوڕەنگەکانم لەسەر تاقی بێئاگایی.

**پرچم لە گەڵ خەیاڵاتی بادا ئەڕوا ،لەوە ئەچێ سەردانێکی**
**میتشل بکاو زوو بێتەوە**
**جەستەم بەبێ ڕۆح ئەگەڕێ و**
**عەسرەچایەك لەو بەری ماڵی تەنیایی بانگم ئەکا**
**پیاڵەکەم لە چاوم ئەچێ زوو پڕ ئەبێ!**





**درەنگانێ من وخەیاڵ لەپیاسەیەکی تەنیادا زۆر دووبارە ئەبینەوە**
**ئێستا تاوێ بە ئیزنی تۆ، پڕم لە لەرزی دیمانە وترسی ئەوەی**
**ببم بەدوان**
**پڕم لە راستی ناڕەواو گمەی کۆتری سینە زامار.**

**گیانڕێزانە و ڕۆحم وەك گەڵا ئەوەرێ**
**لەسەر ریتمی وەرینی گوڵ ئەم وەرزەی تەمەنیش ببە**
**بە مەیلی خۆت گەڵاکانم لێ بکەوە**
**بە هەناسەت ئارایشتی ڕوومەتی لیمۆییم بکە**

جۆلانە بەتاڵەکانی ژووان بەتارمایی پڕکەرەوە.

گیانڕێزانە

ئەم بەشەی تەمەنیش بۆ تۆ

بە تەماشای ئاونگاویت لێوم رەنگکە

قومێ لە خۆزگەی رژاوی چاوم هەڵدە

شوێن بێ ئاگایی رۆح کەوە

ئەم بەهارەی تریش بۆ تۆ

نازانم چەن گەڵای کەمە

دوایی بە با بۆت ئەنێرم





درەنگانێ رۆحم بەتەنیا بیر ئەچێ

مەرگی پەپوولە وکات ئەمبا بۆ پیاسەیەکی بە سێبەر

پیاسەیەکی تاکڕەوانەی پڕ لە تەنیاییەکەی مارکیز

ئەمباتەوە بۆلای دەرگە داخراوەکان،

ئێستا ژنێکی سەرەڕۆم پڕم لە وڵاتی دوور و

لە رۆینی بێ ناونیشان،

هێشتا مەستم

بە درودی ئەو سۆفیانەی

لەحەشمەتی عەشقی حەوا

گۆرانی بۆ خودا ئەڵێن





درەنگانێ

پەنجەرەکەم لەبیرئەکەم

لە دوا نیگای کەرنینادا

ئەبمە هەڵم

لەوێشەوە

گوێم لە خاتوو بۆڤارییە

ماڵئاوایی لە عەشق ئەکا

پیاڵەیەکی پڕ لە خەیاڵ

بەدەستمەوە

وەکو چرپە هەڵچووەکانی ناخم
هەر زوو بەزوو خاڵی ئەبێ،
وەکو دییەم زوو هەڵئەچێ.
بەهاری داهاتووش بۆ تۆ
نازانم چەند گەڵای کەمە
رەنگە بە قەد چاوەڕوانیم
دیداری ونی پێوە بێ....





هەواری من لای عەسرە چایەکی دوورە
پڕە لە داڵغەی سەرسپی
لەوێ گوناه
خۆی بە هەناسەی من ئەشوا
هەتا سەمای گوڵەکانیش
لەرزی قامەتی من ئەگرن
ئێستا رووم پڕ لە سێبەرە و

نوقمم لە خەڵوەت و زیکری
ئەو سۆفیانەی
عەشقی حەوا شێتی کردوون

گیانرێزانە و
پەنجەرەکەم بە کراوەیی بیرچووە
گمەی کۆتری سینە زامار
ئەمکاتەوە بە هێلانە

گیانرێزانە لێوانلێوم بەخەیاڵاتی ڤێرمینا...
پەنجەرەکەم کراوەیە
و دڵ خاڵییە و
چاوانم پڕ!





**تێبینی:**

**-میتشل:مەبەست لە (مارگریت میتشل) ی خانمە نووسەری رۆمانی (لەگەڵ بادا رۆی) ە.**

**-کۆتری سینە زامار: ئاماژەیە بەو کۆترەی (کۆشکی باڵندە غەمگینەکان) ی بەختیار عەلی.**

**-تەنیاییەکەی مارکیز:مەبەست لە رۆمانی (سەد ساڵ تەنیایی) نووسەری گەورە گابریل گارسیا مارکیزە.**

**-کەرنینا:مەبەست لە ئەننا کەرنینای تۆلستۆیە.**

**-خاتوو بۆڤاری:پاڵەوانی (الزوجة الخائنة) ی گۆستاف فلۆبیرە.**

**–ڤێرمینا:خانمە پاڵەوانی رۆمانی (خۆشەویستی لە سەردەمی کۆلێرا) ی مارکیزە.**

# بێرەوە بۆ ماڵی دڵم



ئەو هەورانەی نەبوون بە ماچ ............................ چنوور ئامیق

بێرەوە بۆ ماڵی دڵم
ئا لێرەوە هەتا شەڕێکی جوانی تر زۆری ماوە
ریتمی کۆلارەی سەفەرێ
ئەمباتەوە
بۆلای خەیاڵ
غەمزەی چاوم بەپرشی شەو خومار ئەبێ!
لەبێ پەناییدا ونم
مەیلی باران نیگام ئەبا بۆ ئەولاتر

سێبەرەکان کاتیان لی درەنگ خستم و لەخەو جێمام

نوێبوونەوەی گوناهی من

لەناو ئایەتی ئەویندا دوایی نایە

لەخەلۆەتگەی خەتای جوانی وەرزی دیدار

سێبەرەکان بەوەرزێکی ساردوسڕتر دایانپۆشیم. ...

دە بۆ ساتێ

لەم تاراوگەی نیشتیمانە



ئەو هەورانەی نەبوون بە ماچ .............................. چنوور ئامیق

هاوەڵم بە

گومانی سوراوی لێوم بخوێنەوە

سەلارانە گوی رادێرە بۆ سترانی نیوەچڵی

تازەبوکێکی دڵشکاو

لەهاوینی رووی شێواوم

رۆحی دەیمم

بخوێنەوە!

لەم کەنارە دوورانەوە

تاڵە سپییەکانی پرچم

ئەدەمە دەم کۆلارەکانی نامۆیی

ئۆغرت خێر

بۆ لای ئەو پەڵەهەورانەی

نەمانتوانی بیکەینە ماچ

بۆ سەرەتای ئەو تەمانەی نەمانتوانی

بیکەینە ماڵ...



ئەو هەورانەی نەبوون بە ماچ ............................ چنوور نامیق

گەر ئەمجارە هاتییەوە

دیقەتی روخسارم بدە

رێچکەی ماسکارەیەکی خومار و

نەخشەیەکی تازەی تیایە

وەرزێکی دیش هاوەڵم بە

ئەم زەمینە ئەبەینەوە

بۆلای ئاسۆی کۆلارەکان

گەر مەیلت کرد بگەڕێوە ویرانەی دڵ

بەخەبەرم بهێنەوە

زەینم پڕە لە هەورەژان

بێرەوە بۆ ماڵی دڵم

تا سێبەرە کەوتووەکانی ئەم پایتەختە بی ئاڵایە

بۆ دوورتر بگوێزینەوە

بۆلای ئاسۆی ئەو هەورانەی

نەمانتوانی بیکەین بە ماچ





ئاوێتەی ئەو تەمانە بین

نەمانتوانی بیکەینە ماڵ

لەبڕیاری دادوەرە خەواڵووەکاندا

چاوەکانم باران ئەگرن

غەمزەم پڕە لەوەرزی دوور

ڕێگەی کۆنە ژووان ئەگرم

سوراوە بەجێماوەکەم

ئەدەم لە لێوی خەیاڵێك

ساڵانێکە بۆم باس ئەکەی

ماسکارە نیوەکانیشم

لە بۆ برژانکی ئەو خەمەی نیشتیمان هەڵیگرتووە

گەر مەیلت نەبوو بێیەوە

لەو پایتەختەدا ون ئەبم

بەتەما بووم لەگەڵ تۆدا بیگوێزمەوە

بۆ نزیکی ئەو هەورانەی

نەمانتوانی بیکەینە ماچ!!

٢٠١١-٠٦-١٥





# ئەگەر هاتی بەگەڕەکی باخاوەرە

دەنگێك لەغەیبەوە ئەرژێ

ریزە موروویەکی سپییە

بەگەردنمەوە ئەئاڵێ

پوشی لەبیرچووی هێلانەیەك

کۆشم ئەکاتەوە وڵات

وڵاتی جریوەی سپی

ئەڕۆم و رووم جێ ئەمێنێ

بەنەشئەی سێبەر مەست ئەبم



ئەو هەورانەی نەبوون بە ماچ .............................. چنوور نامیق

باخچە بەناونیشانی گوڵ ئەناسمەوە

رێگەی چوونم هاوتەریبی

هەورێکی چاو بە ئۆغرە

سات نە ساتێ

لێم وێڵ ئەبێ

دەنگێك لەغەیبەوەئەڕژێ

چوون کریستاڵێکی سپی

لە قۆڵمدا بازنە ئەکا

سروشت وەك منی پۆشیوەو

لاڕی ئەگرێ

جار نە جارێ

هەواڵی زەمەن ئەپرسێ

وەڵام بەشی وشە ئاونگاوییەکانی لێوم ناکا

خەونەکانم نایەنە رۆژ

تا چەند چرگەیەکی تریش

لەئامێزتا بەسەربەرم

سەفەر لە منەوە فێربوو

خەونی هەور بکاتە ماڵ

عەشق لەمنەوە فێربوو

گوی بدا بەوانەی خەیاڵ

ژیان لەمنەوە خووی گرت

نەگاتە جێ





هاورێ فەلسەفە ئەمگوژی و

لێم تێناگا

رێگەکان هەر ونم ئەکەن

دوو گەڵای سەوز

دەبنە گوارە و چرپەی بەهار

بەبیستنم رائەدێرن

بەهاری ناو تاراوگەکان

لەتینووبوون بمبینەوە

چرپەی ئەو شەوە دوورانە

بخۆرەوە بەمنەوە خەیاڵ ئەبووی

ئێستا پڕم لە ختوورەی

ئەگەر و نەگەری ژیان

سەدایەك لە غەیبەوە دێ

وەکو کراسی بوکێنی شەلاڵی سپێتیم ئەبێ



ئەو هەورانەی ئەبوون بە ماچ ............................ چنوور نامیق

تەماشام لێ ئەکاتەوە و ئەیدا

لە رەنگی گوڵەکان

بەسوحبەتی نمایشی گوڵەکان هەڵچوونی من

هەورێك ئەڕژێ و

چاوەکانم تاپۆ ئەکا

گەر بە دیدەنیم شاد ئەبی

بەگەڕەکی تەڕوتوتوشی باخا وەرە

گوڵەکان لێ مەکەرەوە

تەنیا بۆنیانم بۆ بێنە
ناونیشانم لەولاتری ماڵی جێماوی پایزە
بەڵام نەکەی بیرت بچێ
پڕ هەناسەت بۆنی گوڵ و
پڕ بەدەستت موروری سپیم لەتۆ ئەوێ
چاوەڕێمە تا ناو ماڵی خەمێکی تازە ئەماڵم





پایزێکی تر بە پەلە
دێ بەسەرم ئەکاتەوە
کەچی گوارە سپییەکانم بانگی بەهارێکی تازە
بەبیستنم رائەدێرن
گەر ئەتەوێ بمناسییەوە
بەکوچە رێی بەهاری رابوردوو وەرە
هەندێ سێبەری پاڵکەوتوو لە چاو بدە
بەڵام نەکەی
خەونی رەنگەکان ببینی

تەنیا ئەو رەنگانە نەبێ

کە تامی لێوی من ئەدەن

دەنگێك لەغەیبەوە ئەڕژێ

تەماشام ئەکاتە ئاسمان

پووشی لەبیرچووی هێلانەیەك

بەرئەبێتەوە ناو دەستم





فەلسەفەی فڕینی دوور و

کاڵبوونەوەی ساتەکانم بۆ باس ئەکا

گەر ئەتەوێ بمبینیەوە

نزیك سایدی شاری خەونەکان مەکەوە

لەوێ رەنگی مردووەکانت لێ ئەنیشێ

لەوێ چرپە خەواڵووەکان لێوت ئەبەن

لەوێ خەونی حەوت ئەستێرە هۆشت ئەبەن

بەشوێن گەڵا پەخشەکانی دەستما وەرە

ملوانکەیەك لەڕەنگی غەیب

کریستالێکی بازنەیی و

جوتێ گوارەی پڕ لە حەدیسەکانی گەڵا

بیستنم لێ ئەکەنەوە بەڵام هێشتا لەوانەیە

نەمناسییەوە

باڵام نوقمی سپێتییە و

چاوم پڕە لەوێنەی تۆ و

دڵم لەهیچ!!

٢٤/٢/٢٠١١





# ئەم پیاوستانە ئەمکوژێ

لەم کەناری خەڵوەتەدا، قەسیدەیەك ئەنووسمەوە

خێرا دێیت و هەراسانیم

لە بۆ دێنی

دڵم لای تۆ و

پرچم لە لای زیکری گوڵاندا بیر ئەچێ

پیتەکان پچڕ پچڕن

لێ ناگەڕێی

خەیاڵ بیانهۆنێتەوە



ئەو هەورانەی نەبوون بە ماچ .............................. چنوور نامیق

جەستەم لای تۆ و

روحم لە بۆنی گوڵەکاندا ون ئەبێ

نووکە لە تەلقینی ساتێکی ژیان بوومەوە و فریای غەریبی نەکەوتم.. .

گەرمم گەرم

دڵم شوێن پەپوولەیەکی

نەزان و تازە هەڵفڕیو کەوتووە

ڕێگا ئەبڕم
بەرەو ئەشکەوتەکانی ئارامی
تەنیا من و سەگێکی خەواڵووتر لە من
لەم درامای بێدارییە
زیندەخەون ئەمانباتەوە
خەیاڵ دیسانەوە ئەمبا
بە نیازم دڵۆپەیەك
لە خەونی ئاو بخۆمەوە
کەچی لێوم لە لای تۆ لەبیر کردووە



ئەو هەورانەی نەبوون بە ماچ .............................. چنوور نامیق

بە نیازم
بگەڕێمەوە لای ژیان
وەلێ کەشیدە بەسەرێك
خەونەکانم بەتاڵ ئەکاو
نۆتەکانی نەسرەوتنم
لە بۆ دێنێ .

وەك ڕاهیبەیەكی بەجێماو
پڕم لە وەنەوزی بڕیار لە نزای تازە زەیستان
ژیان لە خۆڕا ئەمگێڕێ
مانگ لە بێشەوقی تەماشامدا هەڵبووە
چ ڕێیەكی دی شك نابەم
لە بۆ گەیشتنم بەخۆم
لەبەر مۆمێكی لەرزۆكدا



ئەو هەورانەی نەبوون بە ماچ .............................. چنوور نامیق

ڕەنگ بۆ لێوم هەڵئەبژێرم
تۆش دێیت و بە ڕووی ساردەوە
ئارامیم لێ ئەكەیتەوە
لەم خەڵوەسێبەرانەدا
ڕێگا بۆ ئەو لای تۆم ئەبا
ئا لەوێشدا
من و سەگێكی خەواڵوو
باس لە وەفای مرۆڤ ئەكەین

باس لە شوێن پێی ئەشکەوتە دوورەکان

ئەکەین

باس لە کورتبڕی نووستن و

چاوی سووری ئەوین ئەکەین

لەوێش دوو فاتیحەی

بەتاڵ بۆ

عەشق و وەفا دائەدەم



ئەو هەورانەی نەبوون بە ماچ ............................ چنوور نامیق

لە ئەدای فەرزەکانی پێکەنین نابمەوە

شیعرم ملوانکەیەکی پچڕاوە

بە گەردنی خەیاڵەوە

فەنا ئەبێ

روحم بە شوێن پەپوولەیەکی نەزاندا

سەرگەردانە

بیری ئادەمیش خەواڵوو

لە کەهفەکاندا جێ ماوە

جارنە جارێ

پێکە بەتاڵەکەی دەستم

ژیانم بیر ئەخاتەوە

چەند بەتاڵە!





## هەرایەك لە كۆشی سەما

زیندەخەوێك چاوم ئەبا

سەمایەکی دەروێشانە

بەکاوەخو دەستم ئەگری

قەدەر یاری بەخەمە رژاوەکانی ناخم ئەکا و

بینەرێکیش لەنمایشێکی هستیریما

چێژ وەرئەگری

لەناو باخی شعرێکی کاڵ



ئەو هەورانەی نەبوون بە ماچ .............................. چنوور نامیق

هەرامانە

ئەبێ کودەتای خەونەکانم بێ

ئەم هەرایە؟

رووم وەکو وشکە پایزێ

شپرزەیی ئەیشێوێنێ

پرچم بەدەستی ئەوەوە

ئاراستەی هەنگاوەکانم دیاری ئەکا

هەرایەك وەك كاڵبوونەوەم
ئەمرژێنێتە سەر زەوی
لەخۆ ئەچم!
زیندەخەوی ناوەختانێ
تاوێ
لە زەویم دائەبڕێ
چاو هەڵدێنم....
وەك بووكەڵە لەسەر
ئیقاعی چەپڵەی ئەو
هەنگاو ئەنێم



ئەو هەورانەی نەبوون بە ماچ ............................ چنوور نامیق

چ نمایشێكی بی وێنەیە
ئەم مۆنۆدراما تاك بینەرە!!!
لە سەما باڵاتر ئەكشێم
كەچی ئەسەف دەستم ناگاتە سێوەكان
تا لەم زەمینە لەرزۆكەش وەدەرنرێم

هەرایەك ئەمخەڵەتێنیٚ،

سەمایەك لەتۆم دائەبڕیٚ و

پایزێك بۆ دوورم ئەبا

چاو هەڵئەبڕم

بینەرەكەم

دەستەكانی لەشێواندنی وەرزی رووم

ماندوو نابیٚ

رەشی چاو و سووری لێوم لەگەڵ هەناسەی گەرممدا

سێیینەی





وەرینی رۆحم ئەنووسنەوە.....

ئەبیٚ ئەم دەردە نەمكوژی وبگەمە جیٚ!

دەریاوانێكی زۆر تینوو

سازش لەسەر هەوری چاو و سەمای بەرزی باڵام ئەكا

من و باخەوانێكی بیٚ ئەزموون لە تامكردنی میوەكان

هەمیشە سفر و هیچ و هیچ

بەدەست دێنین!!!

ئێستا لە هەموو دەمێ بێزارترم

وەك دوکەڵی جگەرەی سەرکردەیەکی دۆڕاو

هەڵئەکشێم و ئەم دەڤەرە بە جێدێڵم

ئەمەوێ پرشەکانی ئازادیم لە برژەنگت بکەمەوە

ئەمەوێ تەماشام بدەیەوە

ئەمەوێ بڕۆم،

چڵە خەمە وشکەوەبووەکان



ئەو هەورانەی نەبوون بە ماچ .............................. چنوور نامیق

کراسەکەم ئەنەخشێنن

ئاوڕ لە زەردبوونەوەی درەخت و

هۆرەی درەنگوەختێکی دوور ئەدەمەوە

ئەمەوێ پرشەکانی ئازادیم

لە برژەنگت بکەمەوە

چڵێکی وشك لەکراسەکەم گیر ئەبێ و

سەدەیەك دواترم ئەخا....

میژوویەك بەسەرما ئەگری

وەك دوكەڵی جگەرەی سەركردەیەكی دۆڕاو

هەڵئەكشێم

بەدەم كۆراڵی مەرگەوە

دووبارە ئەكەومە سەما!!!

١٢-٦-٢٠١١





## مۆمێك لە تەنیاییمدا ئەسوتێ

مالێك لەسەر شەپۆلەكان

وێنەی دڵم زوو ئەلەرزێ

گریان لەسەر ریتمی بارین

چ زیكرێكی ئالودەیە

بەم سەمایەی دەستی گرتووم

گۆزە نییە وەكو دڵم

پڕ بێ لەمێژووی دەریاكان



ئەو هەورانەی نەبوون بە ماچ .............................. چنوور نامیق

خەندە لەسەر ریتمی شەپۆل

چ ئاژاوەیەكی جوانی لەسەر لێوم ناوەتەوە

لەناو جەرگەی هەرایەكدا

مالێك لە ئارامیی وشە و

شەوێكی تواوەی تازەم

خەون بە ساتە كوژاوەكانمەوە ئەبینێ

بەبێ ئیزن سەر بە باخی پایتەختە

نامۆكەم مەكە

ئەم دیدەنییەش بسپێرە
بەهەڵەی حەزێکی نامۆی ژێر دارەکانی خەیاڵات
بەئاگابە
ماڵێك لەسەر شەپۆلەکان دڵنەواییەکی لەرزۆکە
وەك نوێژەکانی ڕاڕایی
جار جار بڕئەکا وبڕ ناکا...
تەزیوم بە شپرزەییت
بەسەرپەنجەت,





شەنگەخەمێکی پەمەیی لێوەکانم کاڵ مەکەوە
مۆمێك لەسەر ریتمی
سەما لەرزۆکەکەم ئەگری
لەم ئاهەنگە بەتاڵەدا

بارینی رۆح چ درۆیەکی مەزنە

ئەی بێ وڵات

چاوم ئاونگە وشەی تیا زاوە و

گریانیشم لە شەوی دییەما ونە

جارجار دێت و جار جار نایە

سەبرم وەکو مۆم ئەلەرزێ

سەما لە سێبەرم ئەکشێ

خەندە لەسەر ریتمی شەپۆل





چ ئاژاوەیەکی سووری لەسەر لێوم ناوەتەوە

ئا ئێستا یا دەمێکی تر

بەهەڵە رێ ئەبەمەوە ژێر دارەکانی خەیاڵات.....

لەم ئاهەنگە تەنیایەمدا

مۆمێك نەبێ

کەس بە هاوارمەوە نایە.....

٢٨/٥/٢٠١١

# پاداشتەکانی ڕۆخی ساڵ



ئەو هەورانەی نەبوون بە ماچ .............................. چنوور نامیق

**هیند خەماویم**

**تامی شەکر و گوڵاو ئەدەم**

**هێند جێماوم**

**نامەوێ زەمەن جێم بێڵێ و**

**تامی نەکەم!**

*******

کەی بێمەوە

ژێر سایەی خۆری پرشنگدار

کە هێشتاکە

نیگام وا بە ئاسمانەوە

وەك تاڵە دەزووەکەی دەستت

شوێن کۆلارەکەت کەوتووە!

***

خەونێکی کەناری پارساڵ





منەی هاتنەوە ئەکا

تازە ناگا

ساڵی تازە بەرێوەیە

ماڵی پێرارم تێك ئەدا

***

چاوەکانم تەڕترن لە چاوەڕوانی

زەینم هەورێکی بڵاوە

بە ئاراستەی خەم دائەکا

حوزنم باڵەفڕەی روحمە و بۆ لای

دووری کۆترەکان پەنا ئەبا!!

***

که ئەمەویٚ چاو برِەژم

هەمیشه ماڵمان تاریکه

وەره لەئەمرِۆ بەدواوه

دوور له وەسیەتی ساردی با

با دەواری شیعر هەڵدەین!!

***

بەنیگایەك دڵم ئەبەی

به ئاماژەیەکی تریش

پەتی خەیاڵم کێش ئەکەی!

***





دوێنیٚ وتت

خۆشم ئەوێی هەر دوێنێش بوو

وتت برِۆ!

****

کورِه خەواڵووەکەی بەر باران

تنۆکە نیگاکانی تۆ و

هەنگاوە خاوەکانی من

لێك ئاڵاون

ئا پێم ناڵێی کوێوە بڕۆم ؟

***

کە ڕەت ئەبی

سەرنجێکم ئەدەی

لە ملوانکە جارێ بێ گەردنەکان و

بیریشم شوێن هیچ ئەکەوێ!

***





خەواڵووانە بیر لە هەستان وبێداری

ئەکەمەوە

دەنگت چی شێتییەکی جوانە

کە بەرز ئەڵێی

هەر ئەم چەپکە گوڵە ماوە !

***

لە راپۆرتە خەونێکی وێڵ

من بوومەتە پەڵە هەور و

تازەترین

شیعری ژیان ئەلەوتێنم!

***

لەم کابینەیەی

کە جوانی ئەپڕوکێنێ

با من و تۆش

ملوانکە و گوڵ مەزات بکەین!

٢٠١٠





خەیاڵم لەناو باخچەیەو

چاوانیشم بەلای تۆوە...

کاتێ ویستت ماچێکم بکەیت و بڕۆی
زەمەن لەسەیری چاوشارکێی شەڕخوازەکان
راوەستا بوو
من هیچ نەبووم جگە لە ژنێکی خەواڵووی بەر باران
پرچم بە دەست گەمەی باوە ئالۆسکا بوو
چاوم لە عەتری گوڵە بێهۆشەکاندا
مێژووی بۆنی* ئەخوێندەوە
نا هیچ نەبووم





جگە لە پەنجەرەیەکی جێماوی پڕ لە دەنگی ماڵئاوایی
تۆش هیچ نەبووی جگە لە جەنگاوەرێکی لەبیرچوو
تا لە سایەی مەفتەنێکی گوناهاویدا راهاتم
پرتەقاڵە نیوە پاککراوەکانی دەستم
هۆشیان بردم بۆ لای رازی
هەنارە عەشقی شەرابی و
هێشووە خەمی ئەرخەوانی و

شوێن پێی ساردی پاسارییەکان. . .

بە بۆنی پرتەقاڵی نیوە پاککراو کەوتووم

لە تامی میوەجاتی پێش وەرین

ئەبمە تنۆکە شەراب و

مانگ وکانی خەیاڵ ئەکەم،

خۆم ئەدەمە دەمی دوا شەڕی دۆڕاوی

ناو باخە دوورە شارەکان

من هیچ نەبووم



ئەو هەورانەی نەبوون بە ماچ ............................ چنوور نامیق

جگە لەژنێکی سەرمەستی دیار درۆکانی سیاسەت و

حیکایەتی نیوە چڵی هەرەسەکان

دەمەو هەموو شەڕێکی نێوان براکان

لێوم بۆنی لیمۆی ئەگرت

چاوم نیگای سووری هەنار!

ئێستاش هیچ نین جگە لە سەیرکەرێکی نەزانی

ماراسۆنی سەرکردەکان

جگە لە بازرگانێکی رەنگفرۆش و

و کەڕ ولاڵی رۆخی

وەتەن

رەنگەکان بە خۆیان جوان بوون، ئێمە ناشیرینمان کردن

تۆ هیچ نەبووی

جگە لە عاشقێکی بێدەنگی دیار تەرمی شیعرەکانی من. . .

جگە لە گوێگرێکی بی ڤیزەی پایتەختی قەسیدەکانم. . . . . .





جگە لە نوێنەرێکی بی ئاڵای وڵاتی هەناسەکەی من

منیش هیچ نیم

جگە لە شوێنکەوتەیەکی ئەم بازاڕی نەفامییە

جگە لە گوڵفرۆشێکی نەزان

یەکەمین شت مەزاتم کرد ئاوێنە و

قەڵەمی چاو و بۆنی کاڵی پرتەقاڵ بوو

ئێمە هیچ نین جگە لەتۆپەڵێك درۆ

واین بەشانی مێژووەوە

جگە لە دەمامکدارێکی دە روو

هاوڕێ ئەو مەهزەلەی عیشقە تاکەی؟

ئەم شەڕە جێگەیە تاکەی؟

کەی لەژێر چەتری ئێواران

ڕەنگەکان ئاشت بکەینەوە؟

من هیچ نەبووم

جگە لە ژنێکی نەزان

پرتەقاڵەکانی دەستم





غل بوونەوە بۆ ناو شەڕگەکانی وەتەن

پێڕانەگەییم تامیان کەم

فریا نەکەوتم بۆنیان کەم. . .

مەیلم لێبوو دوا ماچی دەسگیرانەکەم کەم. .

شوێن حزبەکەی کەوت و هەڵات

ئێمە نەفام بووین

نەفام بووین

**نەفام**

**چەندین پیاڵەی نیوە پڕمان لەدوا جێما**

**چەندین خەیاڵە عەسری جوانمان کوشت. .**

**بۆیە ئێستا پێش جێهێشتنی ماڵی دوێنێ**

**لەبەردەم گوڵێکی ژاکاو**

**تاوی بێدەنگی ئەنوێنم**

**تا خەیاڵم پڕ بێ لە گوڵ**

**کێ ئەڵی ئەگەڕێمەوە؟**

**من هیچ نەبووم جگە لە ژنێکی قەرەجی**





**ئەودیو**

**ڕەشماڵی حزبەکان. . .**

**تۆش هیچ نەبووی**

**جگە لە ڕێبوارێکی بی فیزەی پایتەختی قەسیدەکانم!!!**

**من هیچ نەبووم جگە لە ژنێکی خەواڵووی بەر باران**

**پرچم بەدەست گەمەی باوە ئاڵۆسکا بوو**

**دەستێکیشم بەدەست تۆوە!!**

***ڕۆمانی (بۆن )**

# ملوانکەکەم لەتێ مانگە





لەگەڵ بادا گوزەر مەکە
تەماشام بەمەیلی فڕین مەگۆڕەوە
هیلالی شەو
تاقە پەنای غەریبانەو
من لە حزوریا ناسرەوم
لە زەنگیانە بچڕاوەکانی ناو دەستم
پرشە ئەوین جێمەهێڵە
هیلالی شەو

مەستم ئەکا و

بە بینینت چاوەکانم خومار ئەبن

لە تینی نیگای ڕژاوم

مەبە هەڵم

بە ژنێکی ڕەدووکەوتووی شوێن ئارامی

لێم تێمەگە

لە سەدەیەکی دوورەوە

هەنگاوەکانم ئەژمێرم



ئەو هەورانەی نەبوون بە ماچ ........................... چنوور نامیق

ملوانکەکەم لەتێ مانگەو

دەستەکانم دوو کۆنە وڵاتی چۆڵی بێ جریوەن

فەلسەفە بابردووەکەی ژیان

تێڕامانم ئەشێوێنێ

لەگەڵ خەیاڵەکانی ئاسۆدا

منیش مەبەو

لەتە مانگەکەم لێڵ مەکە

بەژنێکی ڕەدووکەوتووی

شوێن قومێ میهرم مەزانە

شنەی هەراسانی خەوم بۆ مەنێرە

تازە بە قومی ژیانی گریاو

ژیر نابمەوە

ڕەنگم لە گەڵ تۆدا ڕژا و

پەنجەیەکم لە گەڵ مووروێنەکانی منالّی

نەبیستنم لەگەڵ بادا دەستی پێکرد





مانگی یەکشەو

مەستم ئەکاو

من لە حزووریا ناسرەوم

لەگەڵ بچڕانی زەنگیانەکانی ملم

بۆ تاوی مێژوو ڕائەگرم

لەگەڵ بادا سەفەر مەکە

گشت تەمەنم

لەگەڵ عەسرێکی وێڵ گوزەشت.....

لەگەڵ مندا وڵاتێکی پارچە پارچە

مەکەرەوە بە ئاوێنە

ئەگەر بڕیارت دا نەڕۆی

مووروووەکانم بۆ کۆکەوە

بەتەنیشتما تێمەپەڕە

نەبا گریان ڕێڕەوی زەنگیانەکانم لی بگۆڕێ

بەعەشیقێکی ڕوح سوکی





ڕێگەی ژوانم مەزانە

ئەمێستا تەڕتر لە باران

مەیلی تۆ و خاك

ئەمخواتەوە

نە ونبوویەکی بێ پەنای

کۆڵانەکانی ژیانم

نە پەڵە خەمێکی سپیی چاوانی تۆم

وەك ئەو ڕیزە زەنگیانەیەی

با لە بەرۆکی کردمەوە

فرمێسکم ڕیزی بەستووە

بۆ هەمیشە

بەعەشیقێکی خەو لێ نیشتووی

وەرزی بارانم ئەزانی؟

لەسەدەیەکی پیرەوە

گوێ لەحیکایەتە چەوتەکانی ژیان ئەگرم



ئەو هەورانەی نەبوون بە ماچ ............................ چنوور نامیق

وەك لەتە مانگەکەی ملم

نیوەکەی خۆم بوواردووە

بە ئێشکگرێکی نەزانی

دیار تەرمی دوێنێم مەزانە

تریفەی ڕووت

ئەملەرزێنێ

بۆ بە ژنێکی سەرەڕۆی

شوێن زەنگیانە بچڕاوەکان

لێم تێ ناگەی

بە چیرۆکێکی بەسەرچووی

بەر کوانووی مێژووم مەزانە

ڕوخسارم زستانێ قسەی

بەجێماوی هەڵگرتووە

دنیام لەناو چرپەکانم وێڵ کردووە

ملوانکەیەکی بچڕاو و

لەتێ مانگ و

قومێ میهری چاوانی

تۆ مەستم ئەکا!!





لە ڕیاوستانەوە هەڵدرێم ..

ڕەدووی تەنیایی ئەکەوم

سپێدەیەك مەراقی شەو وەلا ئەنێم

پیاسەیەك بەرەو تەنیایی مەیلم ئەكا

پێڕاناگەم تریفەی رووم بشۆمەوە

تۆ دێیتە رێم...

ئەی نامۆ بەزەینی عەشق و

مرازی شەكرباری دڵ رێگەم بەردە

هەڵاتووی پیاوستانێكی دڵشكێنم

رووی كۆچم دوورە پەنایە و



ئەو هەورانەی نەبوون بە ماچ .......................... چنوور نامیق

نابەڵەدانە ریَئەبڕم...

ئێستا ژنێكی هەڵاتووم لە پرچی خۆم

سەمایەك بەژنی گرتووم و لە رۆینیَمارەم ئەكا

وا شەپۆلێك هەڵمئەگریَو بەرەو ئاخیرەتم ئەبا

وەكو ئەوین شەكربارم

وەكو ساتەكانی غەزەل تاڵم

وەك ئەو دەمەی ماڵی خەیاڵم تێك ئەدەی شڵەژاوم

ئەمشەو هەردوو بە پێکەوەبوون

دیسانەوە

چەند ساتێکی عەشق ئەنێژین

مانگ لە زەینی تریفەوە رامئەکێشێ

پێڕاناگەم پەنجەرەکانم دابخەم

هەناسەی شەوێك هەڵئەمژم بۆنی تۆم بیر ئەخاتەوە

رووگەم هەراسانی یارە و

مسکی خەیاڵ باراناوی مەستم ئەکا

خەفەتبارم





پڕم لە هێلانە خەم و وشەی بچڕاوی ئازادی

پڕم لە هەناسەی پیاو و دوکەڵی سیگاری جێماو

رێگەم بەردە

وا نوقمی نەگەڕانەوەم

ئێستا ماچم تامی ئاوی بێڕەنگ ئەدا

رۆحم بەبا دێتە سەما

چاوەکانم لەدالغەی تۆ خومار ئەبن

من لە سەیری سەلاریی با و
قامەتی درەختا ئەڕژێم
گوڵ لە حزووری بالێی  من
خوو بە سجودەوە ئەگرێ
حاڵ گرتوومی
نوێژێك ڕۆحم ئەباتەوە بۆ کەناری سەماگەکان
بەژنم بە فرمانی خواوەندی سەما
هەڵئەلەرزێ
دەشتاییەکی بێئاڵام
دوور لە سنووری پیاوستان



ئەو هەورانەی نەبوون بە ماچ ............................ چنوور نامیق

مانگ خەونم پێوە ئەبینێ
جەستەم سووکتر لە ڕەشەبا هەڵئەکشێ
چەندە شێتییەکی جوانە
بەرزبوونەوە لە پاڵ پەرستگە ڕماوەکانی مێژوو....
چەند بەمانایە ڕۆیشتن لە سەر بێبەقایی ئاو و
لە ژێر سایەی ئەو هەورانەی زوو بوون بەماچ!
دەنگێك لە گەرووی حەزەوە بانگم ئەکا
خەیاڵێکی بەسەرچووە
گوڵ لە سەیری سەمام ونە و
خوو بە سجودەوە ئەگرێ

ڕێی کۆچم دوورە پەنایە و خەوێکی قوڵ ڕامئەژەنێ

ها ئێستا

ها دەمێکی تر

نوێژێك ڕۆحم

ئەداتەوە بە خەیاڵ و

ماچی سپی ئەموەرێنێ!!!!

٩-٢٠١١





## ئەمەن بەشی دوو دیدارە

لە سەرەڕێی ڕاستی و گومان

بە قومێ مەراقی شەراب سەرم گەرمە و

دوایین گۆزە لەبەر پێی سەفەر ئەشکێنم

بە قوڕی فرمێسك و شەراب

ئادەمێکی دوور لە ژیان دروست ئەکەم

کە هاتە گۆ

وەرزی وەفام لە بۆ بێنێ

ئەوە دەستم قوڕاوییە و

بۆنی ماڵە باجێنەی لێ دێ

لە چاوەڕوانی دیدارا

قوڕی وشکەوبووی عومرێکی





دوور و درێژ ئەتەکێنم

ئێستاکە مەڕۆ ناوەختە

ژیان لەوسەری ئێوارە توڕەکانمەوە ڕایگرتووم

ڕوخسەت نادا

شەوێکی تر لە ئەستێرەی چاوەکانت

ڕۆژکەمەوە

لێوم لە سەبری نەگەییو هەراسانە و

ڕۆحم لە بێ ئۆقرەیی تۆ

مەڕۆ با چاوم پڕکەم لێت

مێژوو بەسەری سپییەوە ڕاوم ئەنێ و

تۆش دوا سوێندی ڕۆیین ئەخۆی

ئەگەر برۆی هەموو گۆزەکانی تەمەن

لە زەینم وردوخاش ئەبێ

ئاوابوون روحی داگرتووم

نیگام نوقمی بێدارییە

جارێ مەڕۆ

دەستەکانم قوڕاوین و

مەغریب میوانی نەناسی

بەرماڵی شیعرەکانمە

زۆریش نابێ

زەردەپەڕ نازی پەنجەکانی بردم و



ئەو هەورانەی نەبوون بە ماچ ............................... چنوور نامیق

ئاوڕی لێ نەدامەوە

جارێ مەڕۆ

وا شەوێك دێ

لە نەزەری بێ نەزەرتا

ڕووم زەرد ئەبێ

مەڕۆ با چاوم پڕکەم لێت

تەمەن بەشی دوو دیدارە و

زیاتر ناڕوا

لەم هاوینە دوورەی ژیان

بێزوو بە قوڕەوە ئەکەم

مرۆڤێکی بێ نیشتمان

دروست ئەکەم

سەرم گەرمە و قوڵپ قوڵپ

یادەکان هەڵدێنمەوە

بەئیزنی زەردەپەڕی ڕووت

دوایین گۆزە لەبەر پێتدا

ئەشکێنم





مرۆڤێکی دوور لە کۆڵانەکانی ژیان

دروست ئەکەم

کە نیازی ئۆغرم بوو

مشتێ وەفا لەسەر ڕێگەم

بپرژێنێ

سەرم گەرمە و

ڕۆح مەستانە گریانی دێ

بە بۆنی وەفای تۆ کەوتووم

بە بۆنی گوڵی نایلۆنی و

هەر دە پەنجەکانم کەوتووم

حاڵ گرتوومی

بە بۆنی شیعری کاڵ کەوتووم

سەرم گەرمە و

شەرابی عومری ڕژاوم

هەڵدێنمەوە

پڕم لە کزەی وەنەوشە و

شنەی بێ داڵدەی چنووران

حاڵ گرتوومی

بێ شەرم گۆزە ئەشکێنم و





کزە کزی ڕێی سەفەرت کاسم ئەکا

لەخۆ ئەچم

سێبەری خەون دامئەپۆشێ

ژووان باوەشێنم ئەکا و

دوو سێ نمە

بەئاستەم پێڵووم هەڵدێنێ

کە دێمە خۆ

بێ باکانە مەغریبی ڕووت

بەجێم دێڵێ

مەرۆ چاوم خاڵییە لێت

بەسەر چڵی تەمەنەوە

پرشێ ئاوابوون جێ بێڵە

جارێ مەڕۆ

من سەرقاڵی نەخشاندنی

مرۆڤێکی تازەترم

چاوەکانم شەوی دووری

پڕ ئۆغریان

تیا نووستووە

دەستەکانم قوڕاوین و

خۆزگەی وشکەوبووی

تەمەنم



ئەو هەورانەی نەبوون بە ماچ ............................. چنوور نامیق

لەناو دەستما ئەکوژێتەوە

تەمەن بەشی دوو دیدارە و

زیاتر ناڕوا

نابینایانە مل ئەنێم

ئەمەوێ چەند ساڵێکی

تر

لە پەراسووی ڕاستی ئادەم

بکەمەوە

*　　*　　*

# دڵۆپە ڕژاوەکانی ئەوین





(١)

هەرگیز عەشق مانای پێکەوەبوون نییە
ئەگەر ویستت
بۆ هەتایە هەر بیرمکەی
ئەگەر ویستت دڵ بەخورپە
هەمیشە لە زەینت بژیم
ئەگەر ویستت بۆ هەتایە خۆشت بوێم
ئەوە دەبێ بۆ هەمیشە
بەدووربی لێم

*　　*　　*

(٢)

نوقمی شەوستانی ڕووتم

وەك ئەو مانگەی

لە تاریکی

چاوەکانما دائەگیرسێ

مەوسمێکی تر ئەخوازم

کاتێ

هاوین و

زستان

و

بەهاری ڕووم

لە پایزی خەندەیەکما

نوقم ئەبێ

*       *       *





(٣)

لەگەڵ بووکەڵەیەکی نەفامی

وەکو منا گەمە مەکە

نەزەر لە نۆتەکانی ئاوازێ

وەك من غەمگین

وێرانبوونە

گەمەکردن

بە سەرنجی خەملێنیشتووی

تیلەی چاوم

خەتایەکە

وەکو خۆشویستنم بۆتۆ

# جێژوانم ماڵی پایزە





١

ژوانی من و تۆ خەونێکی بێ وڵاتە هاوڕێ

زەمینێکە بستێ باخچەی تێدا نییە

خەیاڵێکە

لە تاڤگەکانی ڕاستیدا نوقمە

تنۆکی ئارامی و خۆشیی

پێوە نییە

٢

لامدایە لای ماڵی پایز

تەنیا من و تۆ لەوێ بووین

ڕۆمانێکمان بە تەماشا گۆڕییەوە

گەڵاکانمان کۆکردەوە

بێنازیمت دا لە یەخەت

بانگت کردم

کە ئاوڕم لێت دایەوە

ڕووی من و چامە ڕێزانی بوو

نە گەڵام دی

نە من و تۆش پێکەوە بووین!!!





٣

هێندەی ژنە قەرەجییەك

حەزم لێبوو

لە دەواری

خاڵیی شیعرێکمدا لادەی

وشەکانی وەك خۆم سەرگەرمی سەما بوون

ویستم تاوێ بەوەفاوە ژانەکانیان

ژێر کەیتەوە

وەلێ چیبکەم

بێباکانە پێت وتم نا!!

٤

ئێستا چۆڵترم لە ئەوسا

عەشق دێت و

هەراسانیم لە بۆ دێنێ

پایتەختێکم

پڕم لە گوڵە ژاکاوەکانی دیدار

ڕەنگە بێلایەنەکانی سروشت نەبێ

ئالایەکی دی شك نابەم





٥

سەدەیەك ژیانی

روتم بەلای تۆوە لێ جێماوە

بۆنی گوڵێکی پێوەیە نایدۆزمەوە

رۆژگارێکم

لەناو پیاڵە نیوە پڕەکەدا

لەبیر چووە

ڕووبارێك خەیاڵە شیعرم

تێیدا خنکا!

٦

ئەم خەمەم بکە هێلانە

پڕمکە لە باڵەفڕە

کۆشکی بەرزی پڕ ئەندێشە بڕوخێنە

لە بۆ وەرزی ئەم قەدەرە نابینایە

لە جیاتی سێو

سروشی شیعرێکی مەست و

خەمێکی جوانم بۆ بێنە



ئەو هەورانەی نەبوون بە ماچ ............................. چنوور نامیق

## من و نۆکی سانەکان

١

ئەم ساتە شەرمكوژانە

هاوارم تێدا سەوز ئەكەن

ئەم پیاوستانە بێ شەرمە

خەونەكانم بێدار ئەكا

تۆ و

پیاوستان و

ساتەكان

پەلكە سەوزەكانی عەشقم

ئەكەنەوە!

* * *



ئەو هەورانەی نەبوون بە ماچ .............................. چنوور نامیق

٢

نەهاتی لەم ژاوەژاوی

فیرقەتەدا

ماچێكم لێ بكەیتەوە

كە نەهاتی

دڵیشم دا بە ڕەشەبا

* * *

٣

لەم ئاقارە شەرمكوژە

ماچەكان ئەبەخشمەوە

تەنیا هەر یەكێكیان نەبێ

كە نەمتوانی

بیسڕمەوە

*   *   *





٤

ئەوینم لە ڕێی تۆ دانا و

بەخۆم لە خاتیرەی

خەیاڵێكتا

هۆن هۆن

ڕژام

تۆ و نامۆیی و

ماڵی گەڵا

لە پەنای شیعرێكی ماندووم

حەسانەوە

٢٠١٠-٤-١٣

# مریەمێکم لە هەڵوەرین کەوتمەوە





خەونێکی ڕەنگاڵەیییە
چاوم تەڕە و
تۆش بە خەیاڵ
عومرم چەپك چەپك ئەکەی
خەونێکی دوورودرێژە
پەنلوب ئاسا
بێ دەنگی خۆم ئەچنم و
رەوتی هەراسانی ژیان ئەمشێوێنێ
خەونێکی پڕ تریفەیە
مانگ نوقمی تەماشام بووە و
خوڕەی شەوقی بێ هودەیی

**هەڵئەگۆزم**

**جەنگەڵێکی پڕ جریوە و**

**پاڕانەوەم**

**تازە ئاوا نابمەوە**

**دڵم لەگەڵ زڕەی مێژوو شکاو**

**روحم نەفامانە ئەڕژێ**

**خەونێکی ئاوییە عومرم...**

**پێکی دەستم فیراقی لێوە ئەچۆڕێ**

**ویستم لە بێ مەیلی خەمێك**

**خەیاڵ بم پێت**

**ویستم حەزی برووسکەیەك**

**بمباتەوە**



ئەو هەورانەی نەبوون بە ماچ ............................ چنوور ئامیق

**ڕاوڕاوکێ لەگەڵ سێبەر و**

**ژیان لەگەڵ ساتەکانی**

**پێش تۆ ناسین بگۆڕمەوە**

**دڵم پڕ بوو لە حەسرەت و**

**دییەم لە ڕێی دووری ژووان**

**کوژایەوە...**

**هاوڕێ وەسیەت**

**لەسەر ئاو دەنووسم**

**لەسەر تەیمانی گوڵەکان**

**بۆت ئەنووسم**

**بۆ ڕۆژی ماتەمینەکەم**

**گوڵێك بدە لە بەرۆکی ئەو ڕۆژانەی**

**نەفامانە**

مۆمەکانم لەسەر دەستت کوژاندەوە

نیگام لەگەڵ هەوردا ڕژا

لەدەست غرووری چاوانم

کوێوە هەڵبێم

مانگ نوقمی رووخسارم بووە و

من لافاوی بێهوودەیی

هەڵئەگۆزم

وەسیەت لەسەر با ئەنووسم

لە بۆ رۆژی وەرینی ماچ

باخێکم ئەوێ

راستەڕێ بمباتەوە





بۆ تۆ ناسین

وەرزێکم لە هەڵوەرینت کەوتمەوە

ویستم سێبەرێك

لە باڵات بکەمەوە

کورتم هێنا

ویستم جێ پەنجەت ببوێرم

لێوم تامی گریانی دا

ویستم نمەیەك وەفای تەڕ

بخۆمەوە

خواستم پرشی سێبەر بگرم

ویستم نامۆیی وەدەرنێم لە ناخمدا

خواستم ببم بە پاکیزەی وەرزێکی

پڕ میوە خواردن

گەرەکم بوو

ڕەنگی تەنیایی پەنلوب بگرم

حەزم ئەکرد

پەرستگەکانی سەر رێگە

بکەمە ژوانی باران

تا پێکەوە

ماچ و میوە و باران و شەراب مەستم کا

دیسانەوە

وەسیەت نووسین





روحم ئەبا و

تۆش بە خەیاڵ

عومرم چەپك چەپك ئەبەی

دیسانەوە

نە تۆ و نە سێبەرە جێماوەکان

دووم نەکەوتن

جارێکی تر

وەسیەت لەسەر کازیوەی تەڕ

ئەنووسمەوە

لەم دەڤەرە

مەیلی ئەوین شێتم ئەکاو

چاوم پڕە لە مانگەشەو

بێزوو بە خەوەوە ئەکەم

تا دێ چاوم بە نامە لەرزۆکەکانی

بادی سەما خومار ئەبێ

لێوم پڕە لە حەسرەتی پەنلوب

پرچم بە پەنجەکانی ئەوەوە

سەفەر ئەکا !

دەستت لابە لەسەر دڵم

با چیتر ڕووم زەردە گومان نەگرێتە خۆ

نەبا منیش وەك پەنلوب

بێ دەنگی خۆم بمخواتەوە...





وەسیەت لەسەر تەیمانەکانی ئەوساکە

ئەنووسمەوە

بۆ رۆژی ماتەمینەکەم

ئەو گوڵە سوورەم بۆ بێنە

کە ملی لار ئەکردەوە و

چاوی غرووربار  ئەکردم

بۆ چلەی ئەم ئەوینەمان

چەند ساتێکی بەجێماوم بەسە

بۆ کۆڕی لێکدابڕانمان

هەوارێکی پڕ خەتامان

جێ ژوانە

پەنلوبیش

ڕێ و ڕەسمی ئەم بێدەنگییە جوانتر ئەکا

پەنلوب گیان

تارایەکم لە تریفە بۆ بچنە

کراسێك لە ڕەنگی ئاو و

ئەڵقەیەك لە لاسکی خەم

لە جێی سووراو

شوێن ماچێکی دوێنێم بەسە

لەرزی شۆڕەبیم گرتووە و

وەك پەنلوب بڕیارم داوە

نەپەیڤم





بوومە بەپارچەیەك هەور و

پرچم لەگەڵ سەرەڕۆیی

بادی سەبا دێت و دەڕوا

سێبەر دێنم و

سێبەری تر بەڕێ ئەکەم

ئەی خودایە

خەونێکی دوور و درێژە

مانگ نوقمی روخسارم بووە و

ئەمەوێ وەکو پەنلوب

خەون ببینم

٥/٨/٢٠٠٩

*پەنلوب: یەکێکە لە پاڵەوانە لاوەکییەکانی ناو رۆمانی (مەسیح لە خاچ دەدەنەوە)ی (نیکۆس کازانتزاکیس)، هاوسەری (لاداس)، لای ئەم پیاوە بەدبەخت دەبێ، کە کچەکەشی دەمرێ ئیدی بێدەنگی هەڵدەبژێرێ و هەر گوێ دەگرێ و لاداس چی شتی گرنگ، یان سارد و گەرمی هەیە بۆی باس دەکا. ئەو بەدەم گۆرەوی چنینەوە هیچ کاردانەوەیەکی نییە و هیچ ناڵێ.

ئادەم بە قومێ شەراب.
ئەمبانەوە بۆ تاریکی





شەوی شەرمنی تەماشات
بە چاوانما دێتە خوارێ
نیگاشم هۆن هۆن
بەرسیلە گومان ئەگرێ
کە هەرای عەشقت نایەوە
چ مەعلوومە
نامبەیتەوە بۆ تاریکی
بسرەوە ئەی دڵێك
لە تەرحی وەڕسبوون
کە سیحری ڕوومت خواردەوە
چ مەعلوومە
وێڵم ناکەی

بێ چرپە بە

ئەی لێوێك سەرقاڵی خەتا

مەڵێ لە کوێی

لە هەموو جێیەکی دوورم

روحم پڕ شنەی کێوانە و

دەستم پڕ خەتی چارەنووس

گەر ونم کەی

مەگەر تەنیا دەرگای هەرەس بکەمەوە

بەتەنیایی

ڕێگەی پێچاوپێچی ژیان ببڕم



ئەو هەورانەی نەبوون بە ماچ ............................ چنوور نامیق

بەنزای چاو

ڕێی ئەم ونبوونەم بگۆڕم

ئەی عەشقێك لە تەرحی مەرگ

کە تۆ لە بیناییم وێڵ بی

کوا دالّدەی کپی روحی من

وەرە هاوڕێ

بۆ تاوێکیش

بیر لە خاکی

گیرۆدەی دەستی ئەوین و

شەرمی بەتاڵی

چاوی

حەواکانی هاوڕێی من بکەرەوە

*          *          *

لە خەونمدا

ئادەم گۆزەیەك شەرابی

لەبەر پێم ڕشت

ئەو خەمەیە کە تا ئەبەد بۆی نامەوە

بەدەستی خۆی

پێکی گومانی پێ نۆشیم

خۆ چاوانی لە عەسرێکی سەرگەردانی ناخم ئەچوو

تەمەنی نایە سەر لێوی و

ئاوڕی لێ نەدامەوە

مەگری ئەی دالّدەی هەورەکان

چ مەعلوومە





زەمین بەدەریش ناکرێین

گەر ئەمجارە هاتیە خەونم

من ڕەدووی خەیاڵ ناکەوم

مەگری ئەی هەورێك

لە نەزەر

چ مەعلوومە

لە ئێوارەیەکی دوورتر

نامبەیتەوە

بۆ تاریکی

هەتاکو دەت بۆ ئەژمێرم

دەنکە هەنارەکانی

بەر پێی من کۆکەرەوە

هەتاکو بیستت

بۆ ئەڵێم

مەگری

مەگری

مەگری...

گەر گریاشی

ئەوە لە بۆ مەرگی من و

گەڵای عومرم

پێ بکەنە

١٠/٦/٢٠٠٩





## لەمەزهەبی خەونەکاندا
## بەچی ئەچی؟

چنوور لەخەونی گوڵێکدا

جوانتر ئەچێ

تا لە دالغەی پیری پیاوانی سەر زەوی

ئەو لەخەیاڵی شیعرێکی

بێلانەدا

شارەزاتر باڵی فڕینی لێ ئەڕوێ

....

لە مەزهەبی پڕ لەخەونێکی جۆلانەیەکی بەتاڵدا

ئارامتر بوون ئەلاوێنێ

تا لە کۆشێکی بێ میهر!

.....





چنوور لە خەونی شەوێکدا

رۆژگارێکی پۆشتەترە

تا لە بەرگی خەیاڵاوی تارماییەك

ئەو هەمیشە

لەبەرگی سپی دەریادا

سەودای شەپۆلی شین ئەکا

تا کو شوێن مەحاڵ بکەوێ

بۆیە شەپۆل

لەخەمی ئەودا نوقم ئەبێ

ئەو پڕبوو

لەجوانی ژیان

تا تۆ هاتی و

تەمەکانت لە خاتیرەی وێڵی ئەودا

کرد بە تاقە دەسگیران و

هەوری چاویت

کرد بەماچێکی یەکجاری و لەخەیاڵی

حەسرەتێکا کوژایەوە

.....

چنوور لە خەونی هەورێکا

زۆر لە باران جوانتر ئەگری

چونکە خۆی زەدەی بارانە

بۆنی زەوی لە دەستەکانی هەڵئەسێ

خەمی شیعر لە چاوێوە

هەڵئەقوڵێ!





ئەو لەخەونی ئادەمەکان

زوو ئەژاکێ

لێوەکانی رەنگی مەحاڵیان گرتووە

بۆیە تەنیا

ماچی بەبار

ئەینەخشێنێ

ئەو لە خەونی سووری گوڵێك

جوانتر ئەچێ

تا لە داڵغەی پیری پیاوانی

سەر زەوی!!!

٢٩/١٠/٢٠١٠

# ناوێ دەستی خەیاڵ بەردە





رۆحم تاریکایی بردی و
نەیدامەوە
لە نامۆیی گەڕێ جارێ
با لێوی خەیاڵ تەڕ کەین و
دڵی ئەم شەوە سەرقاڵە بدەینەوە
تەنیایی نوقمی تۆم ئەکا
ملوانکەیەك لە دەریادا
چۆن ون نابێ!
لێ گەڕێ با خەیاڵ لێوم ڕەنگاو ڕەنگ کاو
شەوی دەیجوور بێتە داوام

روحم سوحبەتی بارانی ون کردووە

با شەویش خەبەردار بکەین

لەم درامای بێ دەنگییە

لە نامۆیی گەڕێ جارێ

با دەستی خەیاڵ بەردەین و

هەرکەسە و لە ژوانی خۆی سەری مەست کا

هێشتا مۆمی کزی بوونم بەدەستە لەرزۆکەکانم هەڵگرتووە

گوڵی سپی لە دڵتەنگی شەو ئەخوازم

پایز بووم لەگەڵ "با"دا چووم

پاشماوەی شیعرێکی ڕاڕا بەلێومەوە بوو

چاوەکانم پەڵەیان دا





تارای سپیم لە ڕووی وێڵی مانگ کردەوە

هەر تریفەی خەمی شیرین

سووراوی لێوەکانم بوو

لە نامۆیی گەڕێ هاوڕێ

لەوەتەی هەم پرشی زەمەن

لە روحما کۆ ئەکەمەوە

ئێواران چاوانم ئەبا

کە هەر نەیەی

چۆن تەماشام لەگەڵ ڕەوتی ئاوابوونێ

ئاودیو نەبێ

بەجیٚ ما حەسرەتەکانم لای تۆ,

دەستم بەردە

هەرکەو بەرەو ژوانی خۆی

هەرکەو بە درووەدی گوڵێك

لێوی تەڕکا

هەرکە و لە فرمێسکە بەهەدەرچۆکانیەوە

قومیٚ تینوێتی بنۆشیٚ

لەم ونبوونە گەڕیٚ جاریٚ

ژیانێکە ئێمە نامۆین

بۆنی بیٚ مەیلی ئەمکوژیٚ

ساردی تەماشای ڕژاوت



ئەو هەورانەی نەبوون بە ماچ ............................ چنوور نامیق

شێتم ئەکا ! !

هەموو شتێك وەکو زستانی گریانم

زوو ئەباریٚ

با شەویش خەبەردار بکەین

لەم درامای نامۆییە

لێبوونەوەی ناوەختانی گوڵێك

دوعای مەرگی من ئەخوێنیٚ

رامان بەدیار کەوتنی گەڵاکانەوە

زووتر لە کات ئەموەرێنیٚ

دەستم بەردە

ئا ئەمەیە هەڕەتی غوربەتی من و

مەرگی بیٚ روخسەتی یاران

دەسبەنوێژی نمەشیعرم

چیدی بۆنی چنوورەکانی

پەرچەمم

لەگەڵ هەناسەتا مەبە

چیتر فێنکایی ڕووم و

مەستی چاوم

بە تەماشات بەتاڵ مەکە

لە نامۆیی گەڕێ جارێ

روحم لەرزی پێ کەوتووە

با خەونی پڕ مانگە شەو و

حەسرەتی شیعرێکی بێ خاك

جێم نەهێڵێ

هێشتا هەر مۆمی تەمەن ئەگێڕم..





چیتر یەك پیتی قەتیسی لێوەکانت

ناخوێنمەوە

روحم پڕە لە رارایی و

چاوم بێ بەش لە زەردەپەڕ

بۆ هەتایە دەستم بەردە

روحم لەرزی پێ کەوتووە و

چاوم زستانی لێ ئەڕژێ

لەگەڵ رۆینی زەردەپەڕ منیش ئەچم

تاوێ بە ئیزنی تۆ و جاران

تەمەن لەژێر دەواری شڕی ژوانێك

بەجێ دێڵم

تا ڕێ و ڕەوتی سەلارانەم

بە ڕۆژەکانمان نەبەخشم نایەمەوە

لەگەڵ بادا

سەرێکی ماڵی خۆر ئەدەم

من گەرمایی ئەمخواتەوە

تۆش ڕۆینم بدەرە دەم

خەیاڵەوە

٢٨/٥/٢٠٠٩



ئەو هەورانەی نەبوون بە ماچ .......................... چنوور نامیق

## خەون ئەمبینێ

لە نامۆیی خۆمدا پڕم

بە بەرچاوی شەوە چاوکاڵەکانی مانگەوە

خەون ئەمبینێ

سروشت پرچم شانە ئەکا و

سەلارانە بەگوڵ ئەڵێ

ئاخری خێر

هێند سەرەڕۆم، هیچ داڵدەیەك

پیتە وەریوەکانی من و باخ ناگرێتە خۆ

بە بەرچاوی کازیوەوە

تێکەڵاوی درەختت ئەبم





من بە ئاونگ لێو تەڕ ئەکەم

گوڵیش بە نمە فرمێسکم

تینووبوونی لەبیر ئەکا

خەونێکت پێوە ئەبینم

بمباتەوە بۆ ناو چامەکانی غەزەل

بۆ ناو ساتە بۆنخۆشەکانی جودایی

بۆلای ترسە نارەواکانی منالّی

بۆ ژوانەکانی گەورەبوون

بۆ ئەولای خورپەکانی تۆ....

پڕم لە فرمێسکی شەونم

لە خەونمدا، تازە بووکێکی بێ شارم

لە وڕێنەی پیاوە سەگدڵەکان هەڵدێم

بەرەو دەریاکان مل ئەنێم

نابەڵەدم، ڕێ دەرناکەم

جەستەم یەك پارچە گەڵایە و

چاوەکانم تۆ و هەر چوار وەرزی

تێدایە

دڵۆپێکی گوناهاویم بە چاوی شەوەوە جێمام





نە ئەتوانم بەربمەوە

نە ئەتوانم خۆم ڕابگرم!

خەونێکت پێوە ئەبینم

فێرم کا چۆن

بەخەبەر بێم

فێرم بکا چۆن شاری خەونەکان

جێ بێڵم

باخچەکان بەخەبەر بێنێ

خەون ئەمبینێ

وەك ئەو ماچەی بەبێ حەزەر

تۆ لێت بردم

هێندە یاخیم

نەزەر لە شنەبا ئەکەم

حەزەر لە سەمای با ناکەم

لەگەڵ ئەودا

ئەکەم ئۆغر

هێند لاسارم

خەون ئەمبینێ

تازە بوکێکی نەفامم

لە شاری خەونەکانەوە دێم

لە جێی هەنگاو





گوڵم لێ بەجێ ئەمێنێ

دەستم مەرکانەی گوڵانە و

چاوەکانم

پڕن لە گوناهی نەزەر

تۆش لە کردنەوەی نمە ماچ

حەزەر ناکەی

هەر بە بەرچاوی خۆرەوە

لە خەونی باراندا ڕژام

سەفەرە و تاسەی مەنزڵ ئەکەم

کۆدتایە و بەرپێم باخی دوورە

خەون ئەمبینێ

سروشت بە ئارامی ئەڵێ

ئاخری خێر

هێند وەڕسم، حەزەر ناکەم

ئەڕۆم ئۆغر

نەزەر لە شنەبا ئەکەم

لەگەڵ ئەودا ئەڕۆم ئۆغر

بەرپێم عومرێك باخی دوورە و

ناگەمە جێ

دەبێ ئەمجارەیان

لە کوێ

خەون بمبینێت و

بمبینێ؟

٢٠٠٩-١٠-٥





## هێشوو هێشوو درۆ ئەگرم

هەڵمەوەرێ سەر سێبەری

درەنگ کەفتووم

درۆیەکم

لە درەختێکی رووتەڵە کەوتمەوە

جەستەم لانەی مەوسیمەکانی

لاولاوە

چاوم تەڕە

وەك هاتنی ڕاڕای باران

درۆیەکم

زیاتر لە تینوێتی زەوی

فوارەی گریان ئەناسم





وەرزێکی زۆر دوورە ساڵم

مەیلەو پایزێ زەرد ئەبم

حەشری گەڵاکانی ژیان

لەناو سپێدەی عەشقدا

زەردم ئەکا

چیتر مەیە

درۆیەکی دنیادیدەم

کۆنتر لە مێژووی عەشق ئەگەم

هێلانەی گەرمی ویساڵم

حەزی باخەوانی نەفام ئەمشێوێنێ

چیتر

نازی پەنجەکانم

لەسەر لێوت چیٚ مەکەوە

خومارە بیٚ مەیلی نیگام

لەژێر قورسایی

ئەمری خەو

لێو بەبارم بۆ ئەو ماچەی

سووری لێوم لەسەر دانا

درۆیەکم

لەگەڵ هەرەسی هەر عەشقێك

لێوم ئاڵتر ئەوین ئەگریٚ





باڵاشم میوەی یاساغتر

مەیلەو هاتنیٚ

زەرد ئەبم

درۆیەکم

پڕم لە راستی نەوتراو

جوانتر لە کچانی مەرقەس

ماچت ئەکەم

بەم ناوەختە و لەم دووڕێیانی ویساڵە

ڕێم پیٚ مەگرە

ئەمشەو تا لەلام میوانە

کێویلە بۆنی خەو ئەگرم

جەستەم پڕە لە هاوینی

نیگاکانت

ڕوحم ئەڵهای تەزینی لێوانت ئەکا

عومرم پڕە لە ئاهەنگی

پڕ دوودڵی

ژێر کەپرەکانی ئەوساکە

برژانگم لە کەفوکوڵی

درۆ ساردەکانی ڕێژنە !

لەرز گرتوومی

ڕووم پڕە لە تامی ماچ و

تەماشام لە وەرزی نەهات

بەم درەنگە وەختە

مەیەوە





ئەمشەو تا لەلام میوانە

نا نامەوێ

دوا وەرزی وەریوی ڕۆحم

لەناو دەستا جێ بمێنێ

لانەلانی ڕێی ژوانمە

ئەگەر ڕێژنە روخسەتم دا

تاوێ ئەڕۆم

دارەداری ڕۆیشتنمە

ڕاڕایی دڵی داگرتووم

ئەمێستا باران ئەکەمە

ئەو گەواڵە خەمەی جاران

وەکو شاژنی دارستان

ئەیکەمە بەر

دە پێم بڵێ کەینێ و لەکوێ
ئەم هەورانە بکەم بە ماچ
بە ئیزنی خەڵوەتگەی باخان
ئەمشەو تا لەلام میوانە
چیتر
گەڵا چوار وەرزییەکانی تەمەنم
لێ مەکەوە
بە چۆڕاوگەی چاوی ڕێژنە
دەستنوێژ بە دیدارم
مەشۆ
گەواڵە خەمەکانی تۆ
ژیانێکە دایانپۆشیوم
بینینم بەرایی نادا





جارێکی تر تێر نیگات بم
لانە لانی ڕێی ژوانمە و
هێشوو هێشوو
درۆ ئەگرم
درۆی نیسان
درۆی کۆتایی ساڵی عیشق
بارین و نەبارینی باران
لەرزینی جەستەم وەکو بی
تۆش بەدەستە ساردەکانت
مەمشێوێنە..
ئەمشەو لەرز و تا دایگرتووم
ماڵێکی تازە چێ ئەکەم

هێلانەیەك

لە گەڵای شیعری نەوتراو

لە پووشی وەرزێکی نادیار

خەمێك لە خەیاڵی شێواو

ڕامئەژەنێ

پیاوێك لە سێبەری کەوتووی بن دارەکان

دەستم ئەگرێ

کراسێك لە گەواڵە خەمم

ئەکاتە بەر

ئەو هەمیشە پێی ئەوتم

ئەو گەواڵە خەمە ئیتر مەکەرە بەر

پێی ئەوتم





ئاگەدار بە

ئەو تاریکییە نەتخواتەوە

ماڵێکم لە گەڵای شیعر و

وردە هێلانەی خەم چێ کرد

وەلێ چی بکەم

ئەم تاو لەرزە

پڕی کرد لە وردە مێژوو

ئەمێستا یەکە شاژنی دارستانم

هەوری لاری چاوی ئاسمان

ئەدەم لەسەر

ئەمێستا ژوان داڵدەیە و

خاڵیتر لە چاوەکانم

چاوەڕێیە

بە ڕوخسەتی سەخاوەتی

ڕێژنە و ژوان

زەردەپەڕی چاوەکانم مەخۆرەوە

پەیتا پەیتا

درۆی پایزی ئەمشوات و

درۆی هاوینی ئەمنۆشیّ

قەیرە درۆیەکی ڕووتم

تامی درۆی هەموو پیاوێك ئەناسمەوە

لانەلانی دوا ڕۆینمە و

سەرم هێلانەی شێواوی

پەنجەکانتە





دڵم پڕە لە سوێراوی

دوێنێمان و

لێوم لە ماچی بەبار و

دییەم لە هەورەکانی تۆ

٦-١٢-٢٠٠٨

# لە سەبرا دڵم لێی ئەڕژێ





بەدیار وەرینی خۆمەوە
وەنەوز ئەدەم
نزایەك لە تامی شەراب ئەمگریێنێ
حۆرییەك بە كراسی ئاوەوە
ئارایشتی ڕووم ئەكات و
بە هیوایەكی سەوزەوە
دەستم ئەگرێ
دڵم پڕە و خشپەی ئەو گەڵا تەڕانەم تیا دێتە گۆ
كە مەغریبێك لێم بوونەوە

کچێك کە زۆر لە خۆم ئەچێ بۆ تەمەنێك ڕام ئەگرێ

ماچە نزاوییەکانی عەشقم لێ ئەوەرێ

ئەو بە تریفە ئەمشوات و

بە نیگا وشکم ئەکاتەوە

سەبوورییەك لە تەماشام پەڵە ئەدا

گوڵێك بە نەزەری باوە

دوو سێ ئاونگی قەتیسم ئەخواتەوە

ئێستا بەژنم لە گەڵایە

سەرقاڵی پەڕاندنەوەی ڕۆژە عەیارەکانی تەمەنم



ئەو هەورانەی نەبوون بە ماچ ............ چنوور نامیق

بێدارییەك

خەوی چاوم هەڵئەگۆزێ

پەرییەك لە خێڵی

خۆمان

ئەناسمەوە

سەرەڕۆیی ڕووبارم پێ ئەناسێنێ

ئەمێستا

زەمەن وەکو تاڵەکانی پرچم تێك ئاڵاوە،

وەکو ئاواتە تەنکەکانی قەراغ دڵم

سەما ئەکەم

ساتەکان وەکو دوودڵیم

زوو ئەڕەنجێن

ئەوان سەرقاڵی فەرزەکانی ژوان و

منیش سۆراغی سێوەکان...

ئەو دێ و

لەبەر پێی عومری خۆم

ڕام ئەگرێ

لە ساردبوونەوەی تەماشام

خەو ئەیگرێ

بیری ئەچێ

حیکایەتی سێوە نیوە زامارەکەم



ئەو هەورانەی نەبوون بە ماچ .............................. چنوور نامیق

بۆ تەواوکا

تاوێکی تر

بە سینییەکی پڕ نزاوە

ڕێم لێ ئەگرێ

چ هەڵمی پەنگخواردووی روحمە

لە تەماشامەوە ئەڕژێ

چ ڕۆژی بەباچووی ساڵە

زەردەخەنەم

داگیر ئەکا

باخەوانێکی ئادەمی

گەڵا مزرەکانی جەستەم ئەکاتەوە

حەواکانی ئەم دەڤەرە

بە چەپکێ وەفای سوورەوە

نوێژ بۆ یادی ژوان ئەکەن

یەکە یەکە

گەڵای سەبووری لە جەستەم ئەکەنەوە

ئەمێستا نیوە ڕووتم و

قەدم بەدەست بای زستانی و

دڵم بەدەستی تۆوە ئەلەرزێ

هاوڕێ ماندوومە و

ئەمەوێ لە حزووری خودا

بۆ ساتێك نەزەر دامپۆشێ





بۆنی سێو و نمەی بێ مەئوای چاوانم

تەڕم بكات

ئەمەوێ سێوی نیوە زامارت بۆ بگرم

ئەمێستا چاوانم ئەفڕێ و

پڕم لە خەونی هێلانە و

جریوەی دوایی نەهاتوو

لە سەبرا دڵم لێی ئەڕژێ و

قەدم لە لەرزین ناکەوێ

بەبێ روخسەتی یارانم

تۆزێكی تر ئادەمێك دێ

به ویقاری نیشتمانێکی بێ سێبەر
تاوێ لەلام ڕائەکشێ
گەڵایەکم لێ ئەبات و
سووك سووك
بەسەر پردی سیرات ئاودیو ئەبێ
دەستنوێژی هەموو تەمەنی
له ئاونگێکی سەر لێوم
بەتاڵ ئەبێ



ئەو هەورانەی نەبوون بە ماچ .............................. چنوور نامیق

ئاوی زمزم
به بەردەمما ڕێی خۆی ئەگرێ
ئەسەف ئەویش
بەبێ روخسەت
گەڵایەکی ترم ئەبا
حەوایەك بەسەر پردی ناوەختێ
دێت و دەچێ
پیاوە گوناهاوییەکانی سەر زەوی
ئاودیو ئەکا
ڕۆژگارێك لەولاترەوە
بێزوو بە سێوەوە ئەکەم

تاریکەلسەلاتێکی مودمینم

ئەمەوێ ئێوارە پایزییەکانی ژیان

لە حەشری رووتبوونەوەمدا

پڕکەم

هاوڕێ دەتۆش

تاوێك وەرە و

فریام کەوە

سەلایەك لە ناخمدا هەڵئەکا

وەرزە ئاڵەکانی زەینم

بەکون فەیەکونێك ئەماڵێ

بانگ و سەلای ئادەمییەك

راستییەکانم ئەشێوێنێ



ئەو هەورانەی نەبوون بە ماچ .............................. چنوور نامیق

پەرییەك لە ناخما وێڵە

زۆر بەهەڵە لە من ئەچێ

زۆر بەهەڵە

لە روحی ئادەمەکەیدا

لانەی شیعری پڕ لە گەڵام چێ کردووە

زۆر بێ ئاگا

لە مەملەکەتی عیشقی ئەو دێم و دەچم

لە سەبرا دڵم لێی ئەڕژێ

پڕم لە خەونی هێلانە و

جریوەی دوایی نەهاتوو

جریوەی تری نەهاتوو!

٢١/١١/٢٠٠٨